




حوسێن مستەفا
husein_mstafa@yahoo.com

برای ئازیزم ئاوارە، چۆنە وا دوای زیاد لە بیست ساڵ دووریی، تاسەی رواندزو دۆڵی ئاكۆیان‌و خەڵكەكەیت كردووەو سۆراغیان لەمن دەپرسی؟ نازانی بەم هەواڵ پرسیەت من دەگێڕیەوە نێو سەدان یادەوەری تاڵ‌و شیرینی خەڵك‌و ناوچەكە! مرۆڤ نازانێ چۆنە وەها زوو تەمەن تێدەپەڕێنێ‌و سەری رەشی سپی دەكاو هەموو ئەو خەڵكانەی دیتوونی، با هاوتەمەنیشی نەبووبن، بەلاّم بوونەتە یادەوەری‌و نیشتوونەتە نێو پاتەی دڵی، كەچی نائاگا فەرامۆشی كردوون.

برام ئاوارە، ناحەقت ناگرم كە دوای ئەو تەمەنە درێژە تاسەو غەریبی مەملەكەت‌و خەڵكەكەیت كردووەو دەتەوێ سۆراغیان لەمن بزانی، چیت بۆ بگێڕمەوەو باسی كێ‌و كوێت بۆ بكەم! ئاخر من خۆشم زۆرێك لەوانەی دەتەوێ سۆراغیان بزانی لەبیرم كردوون، یان باشترە بڵێم لەنێو یادەوەریمدا خەواندوونەو خۆم سەرقاڵ بەدوای چەرمەسەری ژیان‌و غارەغارەی بگرەو بینە، فەرامۆشم كردوون، تازە وەخەبەر دێمەوە كە چۆنە هەموو ئەوانەی هەمیشە بەشێك بوونە لە یادەوەریم بە فەرامۆشیم سپاردوون؟ دەرفەتێكی باشت دامێ‌و بەناو كۆڵان‌و دەرو دەشتی ناوچەكەو بەبەردەمی هەموو ئەوانەتدا بردمەوە، كە مرۆڤی ئاسایی‌و سادەو ساكارو خاكی بوون، كەچی وا ئەمڕۆ بارگەیان لەودیو داكوتاوەو رەوانی شادیان هەر خوا حەزبكا لەبەر قاپی رەحمەتی ئەودا، بێخەبەر لە ژاوەژاوو بگرەو بەردەی دونیا دەگوزەرێنن. بیست‌و ئەوەندە ساڵ تەمەنێكی كورت نییە بۆ ئێمە مانان هاوڕێ، چونكە بۆ ساتێكیش ئۆخەیمان پێنەكردووە، ئەو كاتەی تۆ بۆ دواجار لەترسی گرتن‌و بەندیخانە هەلاّتی‌و رێی هەندەرانت گرتە بەر، رۆژگارێكی سەخت‌و دژوار بوو برا، ئێمە هەموومان لەو ژیانە كەوەڕێ ببووین‌و كەس ئاقیبەتی بەخێری لەپێش چاو نەبوو، بەهەزار زەحمەتی‌و دەردی سەر ئەوان رۆژانمان بردنە سەرێ، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو قوربانییەكی زۆرمان بۆ دا، زۆرێك لەو مێرخاسانەی كلكی شێریان بادەدا، لەو رۆژگارە سەختە گیانیان لەدەست دا، بەلاّم دەبێ ئەوە بزانی كە ئەمە سوونەتی ژیانەو هیچ كات تەگبیر تەقدیری پێ هەڵنەوەشاوەتەوەو هەروا بووەو هەرواش دەبێ.

هاوڕێم ئاوارە، لێت خواستووم سۆراغی ئەوانەت بۆ بنووسم، كە لەو ساڵانەدا وەفاتیان فەرمووە، زۆرم سەری گێژی خۆ گوشی تا زۆربەیانت بۆ باس بكەم، بەلاّم پێموایە تەنها كەمێك لەو خەڵكە خۆش مەعشەرە خاكی‌و ساكارەم هاتبنەوە یاد، نە تۆو نە خەڵكی دیكەش لێمنەگرن ئەگەر بەم زەینە كوێرەمەوە هەر ئەوانەم وەبیر بن، با بۆ ئەمجارە باسی ئەوانە لەجێی هەموو ئەوانەش بێ كە نەهاتوونەتەوە یادم، پێت چۆنە برا؟

عەرزت دەكەم مەلا عەلیە شێتت وەبیرە، چەندە پیاوێكی بێزەڕو خاكی بوو، خۆی‌و دوكانە بچكۆڵەكەی ژێر خانووە دوو نهۆمیەكەی بەرامبەر قوتابخانەكەمان قوتابخانەی بێخاڵ، كە ئێستا ناویان گۆڕیوەو بووە بە قوتابخانەی مژدە، هەر لەو قوتابخانەیە مامۆستا خەسرۆی جەلال ئاغات وەبیرە كە هەم بەڕێوەبەری قوتابخانە بوو هەمیش دەرسی پێدەگوتین، چەندە پیاوێكی هێمن‌و بەڕێزو خۆشەویست بوو. هەر لە تەنیشت مەلا عەلی ئەگەر وەبیرت بێ برایم خەلیل بوو، كەسێكی پاك‌و بێ فێڵ، كە هەر كەسابەتی دەزانی‌و بەس، ئەویش دوكانداری بەردەم دەركی قوتابخانەو سەرە كۆلاّنی گەڕەكی ناو بازاڕ. لە بەرامبەر دەركی مەكتەبێ، وەستا مەغدیدی سەرانەیی بەرگدروویی دەكرد، ئەها بە نەخۆشی قاچێكی بڕابووەوەو بەدار شەقەی دەڕۆیشت، خۆ دەتناسی؟. كەست وەبیر نەبێ حەتمەن سەید برایمە گۆجی كۆڵنەدەرت وەبیرە، ئاخر ئەو رەمزی خۆبژێوی‌و نەفس بەرزیی شارەكەمان بوو، ئەو شایان بوو بە نازناوی كۆڵنەدەری‌و ئێستاش ئەو ناوە بۆتە میراتی منداڵەكانی. لەوێ ئەگەر ساتمەیەك بكەی‌و چاوێك بەملاو ئەولادا بگێڕێ، وەك هەمیشە حاجی حەسەن پەپە بە وێنەی هەڵۆیەكی كەوتوو دەبینی، كە ئاسەواری ململانێ هێشتا لەژێر جووتە ئەبرۆكەی سەرەتاتكێ دەكا.

وەبیرت دێ بۆ خوێندن دەچووینە پانك‌و بانەزێوك‌و بێشۆرا؟ برام هەیهوو، پانكی ئەو چەقەنە وشك‌و پڕ ئەستریە كە كەس گاڕانیشی نەدەبردێ ئێستا بۆتە شارێكی گەشتیاری زۆر جوان، لە بانەزێوكیش یاریگا دروست كراوەو زەویەكانی دابەش كراون، دوور نییە چەند ساڵێكی دی ببێتە گەورەترین‌و خۆشترین گەڕەكی شار، هەرچی بێشۆرانە، ئەمنیش چەند ساڵێكە نەمدیوە، بەلاّم دەڵێن ئەوێش وەك جاری جاران نەماوەو ئەو زەویانەی یەكپارچە نێرگز بوون دەكێڵدرێن‌و نێرگزەكان لە كەمییان داوە!

ئاوارە گیان منداڵ بووین‌و كەچی زۆر جار بەسەر سەری حاجی لەتیف‌و حاجی مەجید حەمباڵ رادەوەستاین‌و تەماشای داش‌و دامەیانمان دەكرد، كاتێكیش لەگەڵ بەرد رەپێش نانا یەك دوو گاڵتەو گەپیان دەكرد، ئێمە لەخۆشیان دەتریقاینەوە. سەبریە فەندیشت دیبوو، ئەها پیاوێكی پیری پاك‌و رێكپۆش بوو، جار جار ئێواران ئەگەر تاقەتی گرتبا سەرەو ژوور بەرەو بازاڕی هەڵدەكشا، خۆ حاجی مەلا عەزیزت دیبوو، وەستایەكی دەستڕەنگین‌و دانا بە

کردارو بە گفتار، کاتێ سەردەمی کۆمار بۆ کاروانی چوو بووە مهاباد، لە بەرامبەر قازی شەهیددا گوتبووی سەرو ماڵمان بە قوربانی کۆمار بێت، بێشك ئەسعەدە فەندیت فەرامۆش نەکردووە، بەو هەیکەلە بەرزەو بەدەم نووکتەو پێکەنین، جاروبار چوکلێتیشی لە بەرکێدا دەردەهێنان‌و راست‌و چەپ دەیدایە ئەو منداڵانەی لە مەکتەبێ بەر دەبوون. ئەمن وەبیرم دێت نازانم ئەتووش، مام ئاغەی دەروێش رەشیدو مام ئەلیاس، سەردەستەی کەوبازو راوچیانی ناوچەکە، ئەوانمان هەر جومعان وەختی وەبەر چایخانەی گابەدینی رەت دەبووین لە شەڕە کەودا دەدیت. ئەدی وەکی لەهیکرا دەبووە قەرەپستە، کە ئێمەش وەك زۆربەی خەڵکەکە لێ دەچووینە پێش، دەماندیت سەید برایمی مدیری کەران هەموو کەرەکانی بە ئێمەشەوە بە قسە خۆشەکانی دەهێنایە زەڕین‌و پێکەنین!

نەنە حاجی فاتمت هەر دەبێ وەبیر بێ، نەك ئەمن‌و ئەتوو، ئەو دەیگوت"لەو بیست سی ساڵەی دوایی، زۆربەی منداڵانی ناوشارو هی گوندەکانیش لەسەر دەستی من بەوەلەد بوونە"، زۆرجار کچ یان کوڕە جحێڵ کە بەبەردەمیدا رەت دەبوون ئەحواڵیان دەپرسی، ئێمەش دەمانگوت نەنێ ئەوە کێ بوو؟ دەیگوت "کوڕم ئەوەش هەر منداری منە بەرا نایناسمەوە!" پلکە خانزیش چەندی ماچ کردووی کوڕە؟ خۆ چ منداڵێکی بەکندا رەت نەدەبوو ئەگەر بە دەستە سەقەتەکەی سەری بۆ لای خۆ رانەکێشابایەو ماچی نەکردبا. ئەدی مام عەولای سێمانی کە هەمیشە عەدۆی هەر بەدواوە بوو، ئەها لەبیرم نەچێ عەدۆ هێشتان ماوەو هەر عەدۆی جارانەو نە "بەبی گێم"و نە تەوقەی تەرك نەکردووە. برام کۆنە بازاڕ تێکدراوەو خەریکن نوێی دەکەنەوە، بەلاّم تۆ بێنەوە بەرچاوی خۆت، وەك جاری جاران سۆفی سۆرێ لە دوکانەکەی لەگەڵ شێخ سلێمان لەسەر کورسی‌و مقەبای سێتە هێلکان دانیشتوونەو هەر پێدەوەستن جوابی سەلامان وەدەنەوە. نازانم سەرو شکلی پلکە مێمێ عودیت لەبەرچاوە یان نا، هەر نەبێ قسە بێ پەردەکانیت بیستبوون، کە نەك هەر لەگەڵ ژنان، لەگەڵ پیاوانیشی دەکردن‌و باکی پێ نەبوون. ئەدی پلکە عەیشێ مەلاوسووی، ئەها شڕە دوکانێکی لە ماڵەکەی نزیك بە قەسابخانە دانابوو، منداڵەکانی گەڕەکی دارتێلان (ئێستا ناونراوە شۆڕش)و قوتابیانی مەکتەبی دڵدارو زۆزك هەرکە بەردەبوون ئەچوون کێك‌و شەکرۆکەیان لێدەکڕی؟

ئەوەی نەگۆڕاوەو هەر وەك خۆیەتی بێرۆیە، بەلاّم زۆر لە جاران قەرەباڵغترەو خەڵکەکەش فێر بووە بەهاران بۆ سەیران تا گەری بنمێردەو زیخینە گەرەوان هەڵدەکشێن.

کاکیلە، وەختی لە ئێرانێوە بەڕێی روسیادا باتدایەوە ئەوروپا هیچ نەبووایە دەبوو عەولاّ شێتت هاتباوە سەر زەین، ئاخر ئەو لەمسەر بازاڕی تا ئەوسەری هەر هاواری دەکرد " لێدە عرووسی قارەمان". ئەدی ئاغەبەگ؟ ئای لەو ئینسانە بەریئە، دەتگوت لە تۆرەمەی فریشتانە، حەیف کە بووە قوربانی شەڕی ناوخۆ! سەید تەهاو مام تەهای کانیەقوڕی دەناسیەوە، نا؟ خۆ ئەوان دووراو دوور هەر بە بەژن‌و بە دەنگ‌و سەدارا دەناسرانەوە. باشم وەبیرە ئەو رۆژەی لەنێو کێلە شکاوەکانی گەردەگەردێ تۆپانێمان دەکردو تۆ بەرپێنێکت دایە کوڕە مامە سەر گروازەکەت‌و تەپپەی لە عەردی وەهێناو لار بووەوە، ناحەقی نەبوو، هەتیمە دەستی شکابوو، بەلاّم ئەتوو زۆر پەشۆکای‌و لە ترسان زەردت کردبوو نەبادا لە ماڵێ بتکوتن، ئەها پێمگوتی ئێمە خزمێکمان هەیە وەستای شکستەیە، بەلاّم کە بردمانە لای نەوێراین راستیەکەی پێ بڵێین‌و گوتمان لەسەر کاشی رازەلیوە، بەڵێ خار حاجی سەید عەزیز ئەگەرچی لە نێو بزن‌و مەڕ فێری ئەزموونی بەیتاری ببوو، بەلاّم بەحەق سەروەستای شکستەو بەیتاری ناوچەکە بوو. ئەدی وەختێ لەبن دەرابەکەی قرتاسیەی شێرکۆ لەگەڵ مام عەزیزی شاکر مەجرووەی رادەوەستاین؟ بەڕاست، ئەو کەمتر لەگەڵ هاوتەمەنەکانی رادەوەستاو زیاتر ئەهلی نێو خوێندەوارو گەنجان بوو! لە هەورازە رکەکەی نزیك چایخانەی خەلیل بەگی، دەتدی پیاوێکی چوارشانە بە ئەسپایی دێتە خوارێ، بڵێی ناوت وەبیر مابێ برا، ئەو پیاوە نازدارە مەلا کەڕ بوو. ئیدی باسی کێت بۆ بکەم؟ باسی مەلا تایەرە کۆر، ئەو مەردی رەشید! کە سەرەڕای نابینایی لە هەردووك چاوان، کەچی لەگەڵ کاروانی چووبووە مهابادێ‌و هەر بە تەنیاش سەفەری بەغدای کردبوو، لە بەغدا چووبووە لای شێخ مەحموودی نەمر تا برا چاوساغەکەی، کە ئەودەم لەوێ عەسکەر بووە نەقلی حامیەی رواندزێ بکاتەوە، ئەوەی زانراوە لە مەلا تایەر، نموونەی پیاوی ئازاو راستگۆ بووە، کێ دەزانێ ئەگەر چاوەکانی رۆشن بوونایە سەرکردایەتی راپەڕینێکی نەدەکرد، هێی کوردی بەدبەخت‌و بێچارە!

حەتمەن مەعمەل مافوورت وەبیردێ، رۆژ نەبوو لەوێ بە بەلاش‌و عەلاش نەچیە سەر ڕێی کچان، لە کەندێ بەینی مەعمەل مافوورو گەرووکەی کوورێ گەڕەکێکی زۆر خاوێن‌و سەردەمیانە بۆ ماڵە شەهیدەکان دروست کراوەو ئێستا برات وا لەوێ دەژی.

وەبیرت دێ زۆر جار بە تەمەنی سەرووی سەد ساڵەی مام رەسوڵە فنەمان دەنازی‌و دەمانگوت لەو دەورو بەرانە کەس لەو بەتەمەنتر نییە. ئەدی حاجی عەباس! پێکەنینم دێت کە ئەو رۆژەم وەبیر دێتەوە، لەناو بازاڕی خوارزایەکی خۆی دی لە عەسکەری گەڕابووەوە پڕ بەدەنگی بانگی کرد، "کوڕە ئەتوو لە کووتی یا لە سەماواتی؟" ئەویش پێیگوت لە کووتم، ئەوجا حاجی موسەیتەڕانە هاواری کرد "باشە باش، کووت باشترە لە سەماواتی، سەماواتی هەرام شەوێ وەکی ئەنووی بنتی هیشکە، سبەینێ وەکی هەرەستی بنت خوێ‌و روونە" ئاخر ئەو بێچارە گوێی گران بوون، بۆیە یەك بەدەنگی خۆی هاواری دەکرد. حاجی ساڵحی ماڵە مەروانا دەناسیەوە؟ وەکی سەرو سەربردەی دەگێڕانەوە، لە پێکەنینان زارمان بستەکێ لێك رادەکشا. ئەدی مام ئاغۆو حاجی حوسێن ئاغا، چەندە بە شکۆو شان‌و شەوکەت بوون، حوسێناغا مەرگی هەردوو کوڕە نازدارەکەی ( محەمەدو خدر)ی پێش خۆی کەوتن، بەلاّم تەرمی هێکیانی نەدیتەوە. حوسێنە شێتی بۆ نالێی، وەکی لە کولینگێ بەسەر رێدا دەینۆڕیە خوارێ‌و رێ‌وبار چاك‌و چۆنیان لێ دەکرد ئەویش بە شێنەیی جوابی دەدانەوە "بەخێرێی برا". مام میرەحمەدت خۆ لەبیر نەچووە؟ وەکی ئێواران لەناو کێلینە گەردەگەردێ لە دەوری دادەنیشتین‌و ئەویش بەیتی فۆلکلۆری بۆ دەگوتین، ئەها دەیگوت (کیژۆرێ لەسە بانی.. ماشەلا چەندە جوانی..وەرە با بچینە خانی..سەری بکەم وەسە ڕانی...). ئەدی حاجی سەید محەممەدی بنەکاولی ئەتگوت ئاوریشمی زەردە! وەختی قسەی دەکردن زەردەخەنەی لەسەر روومەتە زەردەکانی نەدەبڕا. خۆ حاجی حمەد پوشۆت وەبیرە، ئەو پیاوی بەڕێز، کە تەمەنێکی لەگەڵ نەخۆشی تەنگە نەفەسی بردە سەرێ. ئەدی مەلا عومەر، چەندیان بۆ نەخۆشیی بردوویە لای‌و نوشتەی بە شیفای بۆ کردووی، هەموو جارێش دایکت دەیگوت ئەلحەمدوللا ئەوجارەش کوڕم لە مردنێ گەڕاوە. حاجی خدیلە بۆ نالێی، رۆژێك کە لەناو قەیسەری هەولێر لە دوکانێکدا کابرایەکت دیبوو، گوتبووت ئەوە حاجی خدیلەی فەقیانێیە، بەلاّم کابرا ئاوڕی

لێدابوویەوەو پێت پێکەنیبوو، زانیبووی وەکی زۆر کەسی دی ئەوتان بە خدیلە لێ گۆڕایە، سوعبەتی لێ دەرچێ ئەوە بۆ ئەوەندە بەیەکتر دەچوون! هەر دەتگوت برای جمکن. با لەبیرم نەچێ بۆت باس بکەم، لە مامبۆی ڕا جادەیەکیان بەناو گەری ئاکۆیان بردۆتە گوندی فەقیانێو ئەو گەریو چەمو باخچانە بوونەتە هاوینەواری زۆر فێنكو دلڕفێن، بەلاّم کانیێ گۆرانگێ وشكو برینگ، نەکەسی دەچێتە سەرێو نە خڕە بەردەکانی کەسیان لەسەر دائەنیشێو نە دار گوێزە گەورەکەی مەلای وهابی ماوە، نە حاجی محەمەدی مەلای وهابی، نازانی بە ئاخیری عومری چەند سەختی بە نەخۆشی بردەسەرێ. هەورازی مام خدریش ئەتوو ئیسراحەت، ئێستا لەبەر هاتووچۆی سیارە کەس ملی دەبەر ملی نانێ .

ئەرێ دەتناسی؟ حاجی قادری ڕەشیدی هەم دەنگبێژ بوو هەمیش هەقایەتخوان، وەختێکی لە جنوب لەگەڵ پیرە عەرەبێك رادیۆی بەغدا دەکەنەوەو گوێ لە گۆرانی (کوێستانان خاڵ خاڵ بەفری ناچێتۆ، ئەو دڵەم تۆراوەو ئاشتی نابێتۆ)ی زیرەك دەگرن، عەرەبەکە پێی دەڵێ حاجی بۆم تەرجەمەکە، ئەویش پێی دەڵێت گۆرانییەکە دەڵێ " های کوێستان، های زۆزان، های پنك پنك، های بەفر های رەش نابیتۆ......". ئەدی حاجی حمەد کاروانچی، ئەو هەم کاروانچی بوو هەمیش هەقایەتخوانێکی ناقۆلاّ، وەختێ لە هەقایەتێکدا تیرو ڕمو شیری دەدەست دوو پاڵەوانا دەناو لە مەیدانێ بەشەڕی دەهێنان، هەر بەڕاست واتدەزانی ئەوان یەکدی دەکوژن. ئەدی مام خالیدی ڕەشیدی ! ئێرانو تووران نەما بە ئاوارەیی نەبینێ، بەلاّم لەم دواییانەی تەمەنی تووشی فوقدان زاکیرە هاتبوو، کەسی نەدەناسیەوە. شێخ مەلا عزەددینی بۆ ناڵێی، ئەو پیاوی بە نوورو نەزەر، هەر وەختێ پەیدا دەبوو هەمووان پڕبای دەستی دەبوونو ماچیان دەکرد. مام عوسمان چەقەلەشت لەپێش چاوە ها، ئەو پیاوە قەڵەوە چاوتێرو ئاوەدانە. ئەدی مام هەمزەو مەلا ڕەقیب، ئەو دوو جووتە برا چاو شینە ڕێكو پێکە بە حورمەتە، گوندی ئەوان ڕێو جادەی بۆ نەچووە، هەر وەکو جاران دەبێ لە گەریی گرەسپیلکەی یەکبێن تا کانی کەوانێ ڕانەوەستی، لەوێش دوای پشووێك ملی هەورازی بگریەوەبەر تا سەران، بەلاّم شڕە جادەیەکیان بەدیوی دەرگەڵەو زیخی ماویلیان بۆ بردووە، ئەویش تەنها بۆ هاوینانو بۆ سیارەی بارهەڵگر دەست دەدا.

هێی هێی برا، وەبیرت دێ هەموو ئێواران مام خوارزا کە لە گەردەگەردێ دەگەڕاوە سەرێکی لە حەوشەی ماڵی ئێمە دەهێنایە ژوورو دەیگوت" مارێ خاری کوونە"، حەتمەن سەرو شکلت لەیاد ماوە، وایە؟ ئەوەش بزانە جادەیەکی زۆر باش بە ناو گەری بۆ گەرەوانی ژۆری کێشراوەو خەڵکەکە حەسایتەوە خوایان وەحەسێنی، هەر لەسەر پردی گرە سپیلکەی جادەیەك بە گەری بنمێردەی تا ناو گوندیو لەوێشەوە شڕە جادەیەکی خۆڵ تا گۆڕاکۆی بردرایە، پێت سەیرە وانییە؟، لە بنمێردێت کێ وەبیردێ؟ خاڵە سیسۆو خالیدە ڕەشت دێنەوە یاد؟ ئەو دوو برا پێشمەرگە ئازایەی ئازادی کوردستانیان بە چاوان نەدی؟ ئەدی باپیری مام کۆکەشی، کە چەندە قەرەباڵغو مەجلیس خۆش بوو. وەستایەکی دیکەی شکستەو دەمارت بێنمەوە یاد؟ ڕەنگە مام محەمەد حەسەن گەرەوەیی بناسیەوە، ئەها ماڵیان لەوبەری قەسابخانە بوو.

ئیدی باسی کێت بۆ بکەم برا؟ لە گەنجەکان واحیدە سوورت دەناسی؟ زوو مەکتەبی بەجێهێلاّو چووە دەرێ، لە سەرەتای کۆڕەوەکە لە هەولێرێ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لەپێش هێرشی بەعس چەقینو بەرگرییان کرد، بەلاّم سەری سەلامەتیان دەرنەکرد. عەباسی عەوڵلاّ ئاشەوانت دێتەوە بەر چاو؟ ئەها لە سانەوی پۆلێك دەپێش ئێمە دابوو، لەم دوا دواییانەش ببوو بە تەکنیککاری تەلەفۆنات، بەلاّم بێچارە عەباس، کارەبا تەکنیککاری کوا دەناسێ. خۆ شێرزادی هاوپۆلو عەبدوڵلاّی هاوڕێی نێو ڕێکخستنت لەبیر نەچووە، نەتزانی ئەوان لەگەڵ یازدە کەسی دی کەوتنە بەر ڕەشبگیریو ئەمساڵ دوای بیست ساڵ روفاتەکانیان دۆزرایەوە؟ بڕیار وایە لەم ئاوەدانکردنەوەی شاردا مۆنۆمێنتێکیان بۆ دروست بکرێت. خورشید قادریشت هەردەبێ وەبیربێ! خۆ ئەو هەمیشە لەگەڵماندابوو. ئەدی مەغدیدی حمەد گەرەوەیی، چەندە خولیای فۆلکلۆرو شیعرو شانۆ بوو! لەم دواییانە زانکۆشی تەواو کرد، بەلاّم حەیفو مخابن لە کارەساتی یەکی شوباتێ ئەویش بە جەژنی قوربانێ لەگەڵ سەد کەسی دیکە بووە قوربانی.

عەزیزم ئاوارە، لەو بیستو ئەوەندە ساڵەدا زۆر گەنجی جوانمان لەدەست چوون، ناوی کێو کێت پێ بڵێم؟ با لەجیاتی هەمووان ناوی لوقمان جۆلاّی بێنم، ئەو کوڕە ڕەزا شیرنەی نێو قوتابیو گەنجان، ئەو تەتەرە ماندووەی نێوان شانە نهێنیەکانی شارو سەرکردایەتی حزب، ئەو جێ باوەڕەی ڕێکخستنەکانی تێکڕای حزبە سیاسیەکان، چەند جوانو ئازاو خۆشەویست بوو، ناشێ وەبیرت نەمابێ نا!.

برام ئاوارە چی دیت بۆ باس بکەمو ناوی کێ بێنم؟ بەهەق لەنێو ئەو یادەوەریەدا خۆم لەبیر کردو نیازم بەو درێژ دادڕیە نەبوو، بەلاّم هەر ئەوەندە بوو لە دەرگای یەکێکیانم دەدا، دووان لە دەرگای دڵو یادەوەرییان دەدام، هێشتاش زۆریان ماون بۆم باس نەکردووی، پێت چۆنە بۆ نامەیەکی دیکەیان هەڵبگرینو ئەمجارە لێرە لێببڕینەوە؟ تا ئەوکات تۆش لەوێ لە دووری دوورەوە، لەنێو ڤێلاکەت پەریی خەیاڵت هەڵفڕێنەو وەرەوە سەرێك بکەوە بە ماڵ بە ماڵو کۆلاّن بەکۆلاّنو دێ بە دێی ناوچەکە، بنوشتێوە بە دیار کێلی غەریبانو خۆشەویستانی گەڕەکی خامۆشانو سلاّوێ بکە لە دیداری ڕابردوویان.


گۆڕستانی گەردەگەرد .. گەڕەکی خامۆشان

**تێبینی:**

**- هەموو ئەو بەڕێزانەی لەم یادەوەریەدا ناویان هاتووە، جگە لە "عەدۆ" ئێستا لە گەڕەکی خامۆشان لەژێر بەژنێك خۆڵ راکشاونو سەردەمێکە سۆراغێکیانم نییە، خوا بەهەشتیان وێداتەوە.**

**- هەموو ئەوانە، لای منو لای خەڵکیش ڕێزدارو خۆشەویست بوون، هەر لەبەر ئەو ڕێزو خۆشەویستیەشە بەسەر کراونەتەوە، هەم لە خۆشەویستیەوە هەمیش بۆ باشتر ناسینەوەیان نازنەوەکانیانم نووسیوە، لەگەڵ هەندێش زۆر داوای لێبوردن لە ڕەوانی شادی ئەوانو کەسو کارە بەڕێزەکانیان دەکەم، بەڵکو بە جوانیو دڵفراوانی خۆیان بمبەخشن..**